## ❋❋ کاکه "ئاسۆ" دوور بڕوانه ❋❋

ڕاچڵه کاندن، وریاکردنه وه، ڕاپه ڕاندن و ورووژاندنی
هه ست و نه ستی جه ماوه ر له حاند پیلان، فڕ و فێڵ،گزیکاری، ده
غه ڵ بازی و چه واشه کاری دوژمنانی
گه ل و نیشتمان، وه بزانم ئه رکی سه رشانی گشت
ڕووناکبیرێکی دڵسۆز به جڤاک و کۆمه ڵگه که ی بێت.
به شێکی زۆری ڕووناکبیرانی ئه مرۆی کورد، بازنه یێکی
به رته سکیان بۆ خۆ چێ کردووه و نایانه وێ له و ئه ڵقه
هه نگاوێ یان بستێ، ئه ولاتر بچن.
په رژین و سنووردانان بۆ نووسین یان هه ر هه ولێکی
نیشتمانی، لام وایه زێتر دوورمان ده خاته وه له و
حه قیقه ته تاڵه ی کۆمه ڵگه ی ئه مرۆی ڕۆژهه ڵاتی کوردستانی ،
تێ که وتووه و گیرۆده یه تی.
کورد هه تا وردتر، ژیرانه تر و چاکتر له توێخی سه ری
دوژمنانی ، تێ نه گات، هه تا ئه ودیووی ڕه شنووسی
ناحه زانی نه خوێنێته وه، هه تا په ی به و دیوو لێڵ کاری
نه یارانی نه بات، دڵنیام خه بات و تێکۆشان و چالاکییه که ی
دره نگتر به ئه نجام ده گات.
په رده لادان و ئاشکراکردنی نیاز ناپاکی دوژمنانی گه ل،
جه ماوه ر زێتر له خه وی غه فڵه ت ، ڕائه چڵه کێنێ.
کاکه "ئاسۆ" : که من ژماری ئه وانه ی مینا تۆی هێژا،
چاک له کاسه ی سه ری ده یانی وه ک "جه لایی پوور"
بگه ن.
کوا له هه موو ده قه ر و ناوچه یێکی ڕۆژهه ڵاتی کوردستانا
خه ڵک به یه ک ڕاده، ئاگایان له و هه موو جه نایه تانه ی

که سانی وه ک " جه لایی پوور" ه که ئه نجامیان داوه؟!
لێره دایه ئه رکی ئێمه مانان، دوو هێنده ی دی قورستر
ده بێ و پێویسته بۆ سووک و ترۆکردن و لابردنی ده مامکی
به ڕوواڵه ت مرۆڤانی له ڕوخساری که سانی وه ک
"جه لایی پوور" ، ئاگامان له هه وڵه کانیان بێ و فره تریان
بناسێنین.
ناڵێم سه ری دۆستایه تییان له گه ڵ داخه ین یان خۆمانیان
لێ نێزیک بکه ینه وه، به ڵام خۆ پێمان ده کرێ به ڕپه ڕچی
چه واشه کارییه کانیان له نێو ڕۆژنامه و گۆڤار و مێدیاکانی
ئێرانی دا بده ینه وه و جه ماوه ری خۆ له حاند لێڵ کاری
ئه وان، وشیار بکه ینه وه .
ئه ی ئه وه نییه برا ، به هۆی خۆ نێزیک کردنه وه ی
تاقمێ به ناو چاکسازیخوازی کورده وه ، "جه لایی پوور"
به قه ڵه مه چرووکه که ی ده ستی، هه وڵیه تی خه باتی
په نجا- شه ست ساڵه ی گه له که مان له م به شه ی
کوردستانا، ڕه ش بکاته وه و خه ریکه که وتۆته
ئافه رم ناردن بۆیان و سه نگ و قورسایی ترازوه که
به لای ئه وان دا ئه بات!
خۆ له گێلی دان و گوێی خۆ ئاخنین و تووشی که روێشکه
خه و بوون، زه برێکی کارییه بۆ سه ر ئیراده ی گه ل،
دیاره ڕووناکبیری ئه مرۆی کورد ده بێت له و حانده
زووتر به ئاگا بێ و خێراتر وه خۆ که وێ.
کاکه " ئاسۆ" : ئه تۆی هێژا ده بوا به وردی چاوت له و
چه ن بابه ته کردبا و ڕه خنه کانی سه ر بابه ته که ی
"جه لایی پوور" ت خوێندبایه وه که چلۆن به گژ
قه ڵه مه چرووکه که ی "جه لایی پوور" دا چوو بوون و

شت و شۆریان دابوو.
نه خشاندنی هه مان بابه ت به چه ن ره نگێکی وه ک
سوور و شین و خۆڵه مێشی، دیاره له خۆڕا و به گۆتره
ئه و کاره م نه کردووه، ده بوا ئه تۆی بیرتیژ په یت
به ودیووی هه وڵه که ی من بردبا، ئه و ده م لات
ده رده که وت ئه م خامه کوله نه ک له دووی پڕۆپاگه نده
بۆ قه ڵه مێکی بۆری ئه وتۆ نییه به ڵکو زۆریشی له ناخدایه که
به جارێ ناکرێ هه مووی هه ڵڕێژێ.
ئه تۆ حه قته په رده له سه ر ئه و ڕاستییه تاڵانه
هه ڵده یته وه که ده مێکه له گیانتا ، په نگیان خواردۆته وه.
حه قته گه لێ فره تر له مه ڕووناکبیری کورد له و حانده
وریاتر بکه یه وه .
هه ر ئه وه نده ی ئه و چه ن سووکه هه وڵه ی من،
وروروژێنه ری چه ن ویژدانێکی به ئاگای وه ک ئه تۆی
خودان ڕێز بێت، من پێموایه ئه رکی سه ر شانی خۆمم
به جێ گه یاند بێت.
کاکه " ئاسۆ" : ئه ی نابینی له باشووری کوردستان،
کوردێک 80-90 ساڵه خه بات ده کات، تووشی ڕاوه دوونان
ئه بێ، کیمیاباران و ئه نفالی به سه ردا دێ ، ئێسته ئه و
هه موو کۆسپه ی ئه خرێته سه ر ڕێ و که سانی وای لێ
په یا ئه بن ، هه تا دوێنێ له کوله که ی ته ڕیشدا ناویان
نه بوو!
برا هه تا 10 ساڵێ له مه وبه ر کوا کێ ناوی ئه و هه موو
زل و مل قه وییانه ی وه ک سیستانی، عه لاوی، غازی یاوه ر و
جه عفه ری ، بیستبوو که ئه مرۆکه قوت بوونه ته وه و
دژ به خواست و داخوازی به رحه قی کوردان، ده وه ستن؟!

گه ر هه ر له ئێسته وه ئاگامان له هه وڵه کانی نه یارانمان
بێت و جه ماوه ر وشیارتر بکه ینه وه، نه ک بۆمان
زه ره رمه ند نابێت بگره سبه ی ئه وه نده گیرۆده ی
ده ستیان نابین. دڵنیا به منیش هه تا ڕاده یێک ئاشنا
به نیاز و ویسته پۆخڵه کانی که سانی وه ک جه لایی پوورم و
شوکر خه واڵووش نیم و له م لیڵستانه ی به ده سیه وه
ناڵانم، قه ت گه ردێ نه نیشتۆته سه ر سه فحه ی ئه م دڵه م.
ڕێزم هه یه بۆ هه موو بۆچوونه کانت.

ڕێناس جاف